# بريارم داوه ببمه خەنجەرێک

نووسینی نزار قبانی : وەرگێرانی حسن ایوبزاده

ئەمشەو شاعیرێکی دڵناسک نیم... لە عەرەبییدا ئەو چەمکە بۆ شاعیرێک بەردێنن کە لە ریزی دەروێشان دا بێ.ا بەپارێزەوە بێو بچێ هەر وەبزانە بەسەر دیواردا دەروا..

لەبەر ئەوە لێم ببوورن کە پەسنی شاعیری دڵناسک قبوڵ نەکەم... پێناسەی شاعیری خۆ پارێزیشم بە دڵ نییە. چونکە دڵناسکیی و خۆپارێزیی کاری کۆمەڵی خێروخێراتکەرە. ئەوش پیلانێکە بە دژی شێعر.

من شاعیرێکی نەحەواوە، شەپرێو و ڕانەهاتووم.. لەو کاتەوە کە دەساڵ لە تەمەنم ڕابراوە، نینۆکی شێعرم نەقرتاندووە.

دانی پێدا دەنێم کە بۆنی دەسەڵات هەستم دەهەژێنێ. ئەو دەسەڵاتە خوا هی پۆلیس بێ یان هی ژن ، لە لای من جیاواز نیین.

پێیلێدەنێم کە دژبەرێکی ئاژاوەگێرم.... دانی پێدا دەنێم کە ئێستا بێکارم، چونکە هەمو خاوەنکار و سەرکارگەرەکانی خۆمم کوشتوون. مامۆستای خەرفاوی مێژووشم کوشتووە، چونکە هەروا سوورە کە شاری غرناطە و پێیوایە کە شاری ئەمیرالمومنینە و مزگەوتی گەورەی قرطبەش سەر بە وەزارەتی ئەوقافی وڵاتی مەراکێشە.

لەو رووەوە کە نووسینەکانم بەرمەنتی ژیربێژیی( منطق) عەشیرەت نین و باوەرم پێیان نییە، خۆم وەکو جەردە شاعیرانی چۆڵنشین لەپیادەرێی شەقامی عەرەبییدا دەبینم..

ئەوەش باج و خەراجی وشەیە کە هاوسەریی بە شێوەی صیغە قبوڵ نەکەم و نووستن و سەرجێیی لەگەڵ دەسەڵات وەلابنێم.

بۆ شاعیر واباشە کە هەتاهەتایە رەبەن بێ.... ئەو کەسەی کە ببێتە خزمەتکارێکی سریلانکیی ... بە پێی قانونی کرین و فرۆش ( عرضە و تقاضا)ی بازاری سیاسەت ...لە خاوەنێکەوە بۆ لای خاوەنێکی دیکە دەنێردرێ.

ئەگەر شاعیر ناچار بکرێ کە بە ئەدەب و پاقژبێ و بە پێی دەستوری پێشینیانی کارچاک، رەفتار بکا کە دەگوترێ: باشترین رەفتار خۆپارێزییە. یان قەناعەت گەنجێکەو لێیداناشکێ ... ئەوکاتە شێعر دەبێتە پشیلەیەکی داتاشراوی چێوین.

ئەگەر شاعیر هەژار بێ و ناچار بە سواڵ و سەدەقە بکرێ، جلو بەرگی شڕدەبەربکا و بەدوای جیرەی مانگانەی پاشاوە بێ... ئەوکاتە شعر دەبێتە خانەقای دەروێشان.

ئەگەر شاعیر رومەتی چەپی بۆ ئەو کەسە ڕابگرێ کە لە روومەتی راستی سرەواندووە ، ئەوکاتە دەسەڵاتدارانی جیهان دەبنە بۆکسۆر( مستوەشێن).

ئەگەر شعر ناچاربە مانەوە لە ئەردی قەدەخەکراو یان مانەوە لە ناوچەیەکی داماڵدراو لە چەک بکرێ، یان بخرێتە ژێر چاوەدێریی هێزی فریاکەوتنی نێو دەوڵەتیی، ئەو کاتە شێعر دەبێتە کاری پسپۆرانی سیاسیی و لەتەنیشت پرێزدێکوییار دەست بەکار دەکا. ..

ئەگەر شێعر وەکو کۆتر و قەناریی رامکراوی لێبێ، ئێمە لە لای مەلفرۆشان دەیکڕین...

ئەگەر شێعر کارگێڕێکی عوسمانیی بێ و تەپلەی سور لەسەر بنێ و لە کاتی بەڕیوەبردنی ئەرکەکەی یاریی بە قرتە قرتی دەنکی تەسبێحەکەی بکا و لەبەردەرکی " باب عالی ( دەروازەی ژووروو) تا نێوقەدی بنووشتێتەوە...لەبەر ئەوەیە کە نێوەی شێعری عەرەبیی بە تورکی نووسراوە.

بەڵام شێعر هەموو ئەو کردەوانەی کە لەمەوبەر گوتران وەلا دەنێ، هەر بەو جۆرەی کە ژنێک نەتوانێ لێبڕاوانە لە ماڵی تەسلیم و گیرۆدەیی وەدەرکەوێ.

کاتێ کە شاعیر کڕبوونی هەڵبژارد، هیچ نەڵێ، لەکەس تووڕە نەبێ، هێرش نەکاتە سەر پاکژیی مێروولەیەک ... پێی دەڵێن بە ئەدەبە، نەجیبزادەیە و رەسەنە.

من نەجیبزادەیی شێعر فام ناکەم. شارەزای ئەو برۆتۆکۆلانەش نیم کە شاعیرێک رەزیلیی ٣٠ساڵ نەجیبزادەیی بە ملدا هاتووە...

ئێستا ئەو پرسیارە دەبێ بکرێ:

ئایا ئێمە پێویستیمان بەو شاعیرانە هەیە کە وێنەیان بەدیواری وەزارەتی ڕۆشنبیریی و ئیتتیلاعاتەوە هەڵدەواسن؟ یان پێویستیمان بەو شاعیرانەیە کە بەشێوەی بودایی جلو بەرگیان ئاگردەدەن؟

ئێمە پێویستیمان بە شاعیرانێکە کە کەوشی بریقەدار دەپێ بکەن و شێعری رەمزیی بڵێن یان شاعیرانێکمان دەوێ کە لە کەوڵی خۆیان دەرکەون و جلکی تۆفان دەبەرکەن؟

من نازانم ئێستا نیشتمانی عەرەب لەم شکڵەی ئێستایدا پێویستیی بەو شاعیرانەیە کە بە کارد و چنگاڵ شێعر دەخۆن یان پێویستیی بەو شاعیرە بە هەیبەتانە هەیە کە لەو کاولکراوە مەزنەدا بازی گۆشتخۆرن .

بێگومان من لایەنگری شێعری ڕاچڵەکینەرم.

لەگەڵ ئەو شاعیرەم کە کتێبێکی لەسەر شێوەی دانیشتن لەسەر سفرەی خواردن نەخوێندبێتەوە و بە شێوەی ژاپۆنی گوڵ نەڕازێنێتەوە، یان بە شێوەی ئینگلیزیی دەستی ژنان ماچ نەکا.

شێعر ناتوانێ ببێتە ژنێکی ژێر لە لێرەواری شێتاندا...

شێعر ناتوانێ ببێتە مانکێنێک لە کارناڤاڵی قەباحەت و بێشەرمییدا...

شێعر ناتوانێ ببێتە پاوانەی پوزی ژنان و تا دەمی کازیوە بۆ پیاوانی میلیشیا( نیزامی) سەمابکا.

ئێستا نە سەردەمی مەل و باڵندەیە نە سەردەمی سەروەر، نە گوڵی سوور، نە بادام و ترێ.

ئێستا نە زەمانی ابن زیدونە نە ابن المعتز و نە ابن نباتةاندلسی . چونکە اندلس گەڕایەوە لای خوا و بە ویستی هەموو اندوڵیسیەکان کەوتە بەرحوکمی قەراری ٢٤٢

جیهانی عەرەبیش هەموو رۆژێ وەکو پرتەقاڵێکی گەنیو دەخورێ، .. بەدەم ئاڵقەی فیلمێکی ترسناکەوە خەوی لێدەکەوێ... بەدەم سریالی ترس و خۆفەوە رۆژ دەکاتەوە.

ئالفرێد هیچکاکی عەرەب و بابەتی سەهۆڵکەند( فریزر- یەخچاڵ بەرقیی ) مەسەلی گەلی عەرەبە... لە شرۆڤەکردنی ئابوریی‌دا مانگانەی قەردێکە و دەیداتەوە و نابڕێتەوە...

ئەوسەردەمە هیچکاکیی‌یە پڕ لەخۆف و ترسە تژی لە بۆنی مەرگ و باروتی دەمانچەی دەنگبڕە...

لە شاعیر داوادەکرێ کە دمبەک و دەهۆڵەکەی بکوتێ، سمتی بادا و شادی بافرێنێ.

من هی سەردەمانی کۆنم. خۆم لەئەرکی زیندوکردنەوەی شادیی کێشاوەتەوە.

ئا لەو سەردەمەی عەرەبدا کە پەسنی ناکرێ، من زۆرم لەدەست نایە . من یان دەبێ کۆترێک بم و هێلانەیەک لەقوببەی مزگەوتێک چێبکەم و تێیدا بژیم...یان دەبێ ببمە خەنجێرێکی ڕاکردوو لە گۆشتی سەردەمانی وەدواکەوتوویی‌دا ...

لەبەر ئەوە بریارم داوە ببمە ئەو خەنجەرە.